# کێشەی کورد دوێنێ و ئەمڕۆ، مادەی ١٤٠ی دەستوور چی لێدێ؟
# ئایا کەرکوک بۆ باوەشی کوردستان دەگەڕێتەوە؟!

بەشی یەکەم

ماوەیەکە ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕوناکبیرو سیاسەتزان و ئەکادیمیست و چاودێری سیاسی گەلەکەمان لەسەر دەستووری هەمەشەیی عێراق بە گشتی و مادەی ١٤٠ بەتایبەتی دەنووسن و بە شێوازی جیا جیا گلەیی و گازندە و ڕەخنەو ناڕەزایی و تووڕەبوونی خۆیان دەردەبڕن سەبارەت بە بەرەوپێشنەچوونی کارەکان و جێبەجێنەکردنی مادەی ناوبراو .

کۆی ڕاوبۆچوونەکان لە نووسین و توێژینەوەکاندا بە گشتی ئاماژە بەوە دەکەن کە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا وەکو پێویست و بە شێوەیەکی جدی و فەرمی بەرەوپیری کێشەکە نەچوون و بەپەرۆش نین بۆی و گوێی خۆیان لێخەواندووە و ئێستایش تەنها چەند مانگێک لەبەردەمدا ماوە و کاتی ئاساییکردنەوەو سەرژمێریش بەسەرچووە و دیارە ڕێفراندۆمەکەش هەروەکوو ئەوانیتری لیدێت و لەکاتی خۆیدا ئەنجامنادرێت.

ئەمانە بەگشتی سەرنجی جەماوەری گەلەکەمانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و هەموویانی تووشی دڵە کوتەو دڵە ڕاوکێ کردووە و خەڵک بەگشتی دڵنیانین لەوەی مادەی ١٤٠ لەکاتی خۆیدا جێبەجێ دەکرێت ، یان دوادەخرێت بۆ کاتێکی دیاریکراو یان نەکراوی دوای ساڵی ٢٠٠٧ !!! .

بەرامبەربەمە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا لەسەر ئاستی سکرتێری گشتی ی.ن.ک و سەرۆکی ( هەرێم و حکومەت و پەرلەمان ) و ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو حزبەکە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆڕ و کۆبوونەوەو سیمینارو بەرنامەی تی ڤی و ناردنی نوێنەری خۆیان بۆ دەرەوەی وڵات و .........تاد بەکوڵ باس لە مادەی ١٤٠ ی دەستووری هەمیشەیی دەکەن و پێدادەگرن لەسەر جێبەجێکردنی لەکاتی خۆیدا ، کەچی بارودۆخەکەش تائێستا هەروەکوخۆیەتی و نەهەنگاوی بەجێ نراوە و نەگۆڕانی گەورەیشی بە خۆوە بینیوە .

هەڵبەتە جگە لە فاکتەرە ناوخۆییەکانی خودی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوان حزبە کوردستانییەکان خۆیان ، فاکتەری عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش هەن کەهەمیشە ڕێگرو کۆسپی گەورە گەورە بوون لەبەردەمی کێشە نەتەوەیی و چارەنوسسازەکانی گەلەکەماندا ، لەناوئەوانەشدا کەرکوک و مادەی ١٤٠.

هەوڵدەدەم کورتەیەک لەسەر کۆسپ و ئاستەنگ و گێژاوەکان بنووسم ، لەوانەی لەمێژەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەو ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی گەلەکەماندا ڕووبەڕوومانبوونەتەوە و دەوروخولمانیانداوە و ئێخە لە ئێخەمان ناکەنەوە و کێشەی گەورە گەورەیان بۆمان خولقاندووە و هەتا ئێستایش ڕێگەچارەی تەواو نییە بۆ دەربازبوون لێیان .

گرنگترینی ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی لەمێژەوە گەورەترین گورزیان وەشاندووە لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بریتییە لە پەرتوبڵاوی و پارچەپارچەبوون و یەکنەبوونی ڕیزەکانی کورد خۆی لەمەیدانی تێکۆشاندا کە ڕێگای بۆ دوژمنەکانمان خۆشکردووە و هەلی گەورەی بۆ ڕەخساندوون بۆئەوەی بینە ناومانەوە و بەئارەزووی خۆیان تەراتێن بکەن و ڕیزەکانمان تێکبدەن ، وەکوو تێکیاندا! .

لێرەدا من نامەوێ دوور بڕۆم و لە مێژووی سەردەمێکی کۆنەوە دەستپێبکەم ، ئەمە کاری ئەوکەسانەیە کە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی مێژوویی دەکەن، بەڵام دەڵێم مێژووی گەلەکەی ئێمە بە شێوەیەکی گشتی پڕێتی لە لەشکرکێشی زۆر بۆسەر یەکتری لەسەر حسابی پشتبەستن بە دوژمن و چوونەپاڵ ئەوان ، دیارە ئەوەی لە ٤٠ ساڵی ڕابوردوویشدا لە باشووری کوردستان دا ڕوویان داوە بەشێکن لەوەی دوێنێ و پێرێ و بە میرات بۆمان جێماوە ! بەڵگە بۆ قسەکانم ئەوەیە ئێمەی کورد لە ڕۆژی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ ەوە هەتائێستا خەریکی پاشقولگرتن و جیابوونەوە لە یەکتر و دابەشبوون بۆ مەیدانی ململانێی جیاجیا و شەڕو پێکدادان و قاتوقڕکردن و لەناوبردنی یەکترین لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای ( نەک نەتەوە ) بەڵکو بەرژەوەندی تەسکی تاک و حزبیدا ، بەواتایەکی تر ئێمە شەڕمان لە پێناوی شەڕدا کردووە، شەڕیش بۆ خزمەتکردنی دوژمنەکانمان، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کەسەرکردایەتی کورد بەدرێژایی ساڵانی ڕابوردوو لەمەسەلەی ناکۆکی و ململانێ سیاسییەکانی دەوروپشتی خۆی بەباشی نەگەیشتووە، بێگومان هۆکاری سەرەکی ئەمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کۆمەڵگەکەی ئێمە لەناوەوە کۆمەڵگەیەکی پەرتوبڵاوو خێڵەکییە، کۆمەڵگەی تیرەو هۆزو عەشیرەتە، پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکیش پەیوەندییەکی خێڵەکی دواکەوتووە، ئەمە بەومانایە دێت کە پیاو لەناو خێزاندا ، سەرۆک هۆزو سەرۆک خێڵ، سەرۆک حزب سەرچاوەی دەسەڵات و بڕیارن و هەرکەسێکیش گوێڕایەڵ نەبی و فەرمانەکانی ئەوان ڕەتبکاتەوە، بە زوبانی هێز و گوللەو بە ئەقڵی دارزاوی ژەنگهەڵاتووی ناو لوولەی تفەنگ مامەڵە دەکرێت و وەڵام دەدرێتەوە، ئەمانە هەمووی لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەگەر باسوخواس بێتە سەر حزبە کوردستانییەکان خۆیان، ئەوا زۆربەیان لەسەر بنەمایەکی ئایدۆلۆژی، مەنتیقی ، عەقڵانی دروستنەبوون و خاوەنی زانستێکی سیاسی نەبوون لەسەر شێوەی تێکۆشان ، گوتاری سیاسی شێواوی ئەوان لە هەلومەرجێکی نالەباردا چاوی هەڵهێناوە، تاریکو لێڵو تەمومژاوی بووە، ئەوان خۆیان بەپاڵەوانی مەیدان زانیوە و لە بانگەشەکانیاندا لە خۆیان بەولاوە کەسی تریان قەبووڵ نەبووە و ویستوویانە بەهەر شێوەونرخێک بێت و چەند بکەوێت، خۆیان بسەپێنن، کەلەدواجاردا بۆتەهۆی پەیداکردنی دوژمنی زۆر بۆخۆیان. خەڵکی کوردستان ئاشنایەتییەکی زۆریان لە سەر هەندی بیروفەلسەفەی نوێ نەبووەکە ئەوان هێنایانە کوردستان، پۆشتەوپەرداخ و گۆشکراوی ئەوانەش نەبوون، چونکە حزبەکە بۆخۆی کەتازە ئەو بیروفەلسەفانەی هەڵگرتبوو لەهەناوی زەرفێکی سیاسی تایبەتدا هاتبوە دنیاوە و چاوی هەڵهێنابوو، لەزەرفێکی تردا سەری تیاچوو، لەبەرئەوە سەرکردەکانیشیان بەهۆی شەڕوپێکدادانی ناوخۆوە سەرئەوەیان نەدەپەرژا گەشە بەبیری خۆیان بدەن، ئاستی زانینیان بەرزبکەنەوە و لێی دەوڵەمەندبکەن، بۆیە دەبینین ئەوانە کەسانێکی واقیعناس و واقیعبین نەبوون و ویستوویانە بەخەیاڵو خەو کۆشکێک لەزانیاری دروستبکەن، ئەمە لەکاتێکدا خۆیان پێویستییان بەوە هەبوە زانیاری زیاتر فێربن، دیارە خوێندنەوەی خراپی ئەوان بۆ واقیعەکە هەمیشە هەڵەی سیاسی بە دوای خۆیدا هیناوە. جگەلەوانە، ئەوان بە درێژایی خەباتی چەند ساڵە ، خاوەنی نەخشەیەکی سیاسی یاخود ستراتیژێکی ڕوون و ئاشکرا نەبوون بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و ناسنامەی دوژمنەکانی خۆشیان بەباشی نەناسیوە، بۆیە زوو زوو خۆیان لە مەیدانێکدا بینیوەتەوە، لەوێدا هاوکاری دوژمنەکەیان کردووە و پاشان یارییان بە خۆیان و گەلەکەیان کردووە، ئەمانە ئەوە دەگەیەنن کە ئەوان بێئاگابوون لەوەی چی لەدەوروپشتی خۆیان ڕوودەدات، بەتەنگ ئارەق و فرمێسک و خوێنی خەڵکییەوە نەبوون و لێی نەترساون، هەروەها ئەوان کە بڕیاری شەڕیانداوە، چالاک و ئازاو بێوێنەبوون، بەڵامبەپێچەوانەوە لەدانووستانەکاندا هەمیشە تووشی شکستی سیاسی گەورەی یەک لەدوای یەک هاتوون .

دوابەدوای هاتنی ئەمەریکا بۆ ناوچەکەو دەرپەڕاندنی سوپای سەددام لە کوێت و تێکشکانی ئەوان لەوێ، ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەستپێیکرد و هەلێکی مەزن بۆ کورد هەڵکەوت کە خۆی کۆبکاتەوە و بەهێزبکات، ڕیزەکانی یەکخاتەوە و خۆی بکاتە خاوەنی گوتارێکی سیاسی یەکگرتوو، ئەو کوردستانەی کرابووە گۆڕستان پاکیبکاتەوە لە دوژمنان و ئاوەدانیبکاتەوە، کەچی ئەمانە هیچی نەکراو و لێرەیشدا پێویست ناکات بچمە ناو لاپەڕە کۆنەکانەوە بەتایبەتی کە میللەت بەباشی لە ڕاستییەکان گەیشتووە .

لەپێش پرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا پرسیاری زۆر دەکرا سەبارەت بەئەگەرەکان، ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ئەگەری هێرشی ڕژێمی بەغدا بۆ سەر کوردستان، ئەگەری کۆرەوێکی تر، کەچی هیچ یەکێک لەمانە وەڵامی نەبوو ، نەک هەر ئەمەو بەس بەڵکو هیچ نەخشەو پلانێکیش ئامادەنەکرابوو بۆ یەکێک لەئەگەرەکان. لەبەهاری ٢٠٠٣ دا پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە دەستپێکرد، دوژمنانی ئێمە هەموو هاڵاتن و کەرکوک و دەوروپشتەکەیان جێهێشت، کەچی چەکدارەکانی ئێمە بەبەرچاوی کەناڵە ئاسمانییەکانەوە کەهەموو دنیا دەیبینی، خەریکی بڕینی بانکەکان بوون لە پێناوی مشتێک دیناری چاپکراوی بێنرخی ئەو سەردەمە و بە شێوەیەکی قێزەون و ناشیرین خۆیان باردەکرد، بەمەیش نەوەستانەوە، چی شتی بەنرخ هەبوو لەشاری کەرکوکدا تاڵان کرا، ئەمە لەکاتێکدا حزبەکان بێئاگانەبوون لەو کارەچەپەڵانە کە لێی بێدەنگبوون، کەچی بەپێچەوانەوە لە توانایاندا هەبوو مامەڵەیەکی باش لەگەڵ ئەم بارودۆخە نوێیەدا بکەن و بەقازانجی گەلەکەمان کۆتایی پێبهێنن، بەڵام داخەکەم ئەوان هەر خەریکی پاشقولگرتن و دەستکەوتی مادی و شەڕە پەڕۆ بوون !!، ئەم دیمەنە ناشیرینە کوردی لای ڕای گشتی جیهان شکاند و کارێکی وایشی کرد نەیارەکانمان لەسەر حسابی لاوازی ئێمە و بەهاوکاری ئێمە بگەڕێنەوە کەرکوک و دەوروپشتەکەی و جارێکیتر وەکوو سەردەمی سەدام حوسەین چاویان سووربکەنەوە لێمان، هەڕەشەمان لێبکەن، تیرۆر بهێنن بۆمان .

دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا بەدرێژایی ساڵانی ڕابوردوو ١٩٦١ _ ٢٠٠٣ کەوتنە هەڵەی گەورە گەورەوە و میللەتەکەمانیان بە قۆناخی سەخت و خوێناوی جۆراوجۆردا تێپەڕاند، زۆر شت هەبوو دەبوایە بکرایە، کەچی نەیانکرد، بەپێچەوانەوە زۆریتر هەبوو کەدەبوایە نەکرایە کەچی کردیان، ئەوانە بە تێکڕایی نووچدان و شکست و تێکشکانی گەورەگەورەیان بۆ کورد هێنا و میللەتەکەمانیان بەرەوڕووی ناخۆشی زۆر کردەوە و ژانو ئێشو تاڵوتفتی زۆریان کردە دڵیەوە، گرنگترینی ئەوانە بریتیبوو لە لەتبوونی پ.د.ک، شەڕی ناوخۆ، تێکشکانی شۆڕشی ئەیلول، تیاچوونی بارزانییەکان ، ئەنفال و هەڵەبجەو قەتڵوعامکردنی کورد، شەڕکردن لەگەڵ حزبە کوردستانییەکانی تری بەشەکانی تری کوردستان، هاوکاریکردن و دەست تێکەڵاوکردن لەگەڵ دوژمنانی ناوەوەو دەرەوەی کوردستان ......تاد، هەر ئەم خەتاوهەڵانە بوو سەرکردایەتی کوردی لاواز کردو بە لاوازیش هێنایێوە سەر گۆڕەپانی سیاسی. بۆ نموونە نەدەبوو ڕازیببن بەوەی کێشەی کەرکوک بە شێوەیەکی دەستووری و قانوونی چارەسەربکرێت و بخرێتە دەنگدانەوە کە وەکوو خەیاڵوخەوی لێهاتووە و ئەوسەری دیارنییە ، چونکە دەنگدان بۆ کەرکوک گومان بۆ شارەکە پەیدادەکات و ئەوە پیشاندەدا کە تۆ خۆت دڵنیانیت لەوەی شارەکەی خۆت ( کەرکوک ) شارێکی کوردستانییە یان نا!! ئەوان دەبوایە لەیەکەم ڕۆژەوە کەرکوکیان وەکو سلێمانی، هەولێر، دهۆک مامەلەبکردایە و لەسەر ئەوە پێیان دابگرتایە کە سنووری فیدرالی کوردستان لە شاخەکانی حەمرینەوە دەست پێدەکات و ئەگەر شاری کەرکوک دە کوردیشی تێدابیت ئەوا هەر شارێکی کوردستانییە چونکە دانیشتوانەکەی دەرپەڕێنراوە یان ڕاگوێزراوە ، ئەمەجگە لە سیاسەتی بەعەرەبکردن و بەعسکردنی شارەکە . هەڵەیەکی تری کوشندە و گەورەی سیاسی سەرکردایەتی کورد لەوەدایە ، لەوەتی دروستبوون حسابیان بۆ میللەت نەکردووە و پەراوێزیان کردووە، کەچی لەئاستی دوژمنەکانماندا تەواو بەپێچەوانەی ئەمەوە بوون، قەت دانیان بەهەڵەکانی خۆیاندا نەناوە و پێشیان خۆش نییە پەنجە بۆ هەڵەکانیان درێژبکەیت، نەیانویستووە و نایانەوێ گرێ کوێرەکان بکەنەوە و ڕاستوڕەوان بۆ خەڵکی سەبارەت بە دیتن و چاوپێکەوتنو کۆبوونەوەکانی پشتی پەردەوە لەگەڵ بەرپرسەکانی عێراق و دەوڵەتانی ئەمەریکاو بەریتانیا و دراوسێ بدوێن، لێناگەڕێن لەناو مەلەفە شاراوەکان بێنەدەرەوە و بە سنگێکی فراوانەوە، ڕوون و ئاشکرا قسە بۆ جەماوەربکەن، پێیان نەنگە بە خەڵکەکە بڵێن : ئەمە دەسەڵات و سنوور و توانای ئێمەیە و فشاری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی زۆر لەسەر ئێمەهەیە، لەبەرئەوە لەمە زیاترمان پێناکرێ و بۆ هەڵناسوڕێ! یان بە پێچەوانەوە ئەوکاتانەی گوشار دەچێتە سەریان سەبارەت بە سازشکردن لەسەر مەسەلە گرنگ و چارەنووسسازەکان، نایانەوێ بەهاوپەیمانەکان و نەیارەکانمان بڵێن : ئێمە میللەتێکمان هەیە و دەبێ پرس وڕا بەوان بکەین تا بڕیاری خۆیان بدەن!! کەواتە ڕاست نییە ئەوان یەک ودوو خۆیان بدەن بەدەستەوە و پاشەکشەبکەن لەمەسەلە چارەنووسسازەکان و ڕازی ببن بەوەی نەیارەکانی ئێمە نەخشەیان بۆ کێشاوەو خۆیان بۆئامادەکردووە و پێی لەسەر دادەگرن، نابێ و ناکرێ هەمووجارێک وەکوو کەسانی گەشبین، بێباک، لەخۆڕازی ڕوونکردنەوە بدەنە خەڵک و وای پیشانبدەن کە هەموو شتێک باشەو بەدڵی خۆیانو میللەتە، کەچی لەواقیعدا قسەکان هیچی بەسەر هیچەوە نییە، چونکە هیچ دیارنییە! خەڵکیش تێریخواردووە لەوقسانەو زیاتر کرداریان دەوێت! بەگشتی ئەم مامەڵەو کردارو ڕەفتارانە زۆرکەوتووە لەسەر دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا چونکە ئێستا میللەتەکەمان لەجاران زیاتر چاوکراوەو هوشیارترەو بەباشی دەزانن کارەکان ڕووڵەکوێدەکات، هەرئەمە وایکردووە کادیرو بەرپرسەکانی حزب و حکومەت لەخوارخۆیانەوە، وەکوو سەرووی خۆیان هەڵسوکەوتبکەن و سووک مامەڵەی میللەت بکەن و داوایان لێبکەن لەخزمەتی ئەواندابن و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن .

میللەتی کۆسۆڤۆ لە یۆگۆسلاڤیای کۆن لەکاتی خۆیدا لەکورد زیاتر فشاریان چووە سەر بەتایبەتی فشاری ئەمەریکا و ڕوس و سربەکان بۆئەوەی دەست لەمەسەلە چارەنوسسازەکانی خۆیان هەڵگرن و داوای دەوڵەت نەکەن، بەڵام سەرکردەکەیان **عەلی عیززەت گۆبۆڤیچ** بایی موویەک نەهاتەخوارەوە لە خواستی گەلەکەی و کە مردیش هەموو گەلی کۆسۆڤۆ بۆی ڕژانە سەر شەقامەکان و ئێستایش لەگەڵ ئەوەی ڕوس و سەربەکان هەر ڕێگرو کۆسپی گەورەن لەبەردەمی ئەواندا و بەردەوامن لە دوژمنایەتیکردنی گەلی کۆسۆڤۆ، کەچی ئەو میللەتە قارەمانە هەر سوورە لەسەر ئەوەی کۆسۆڤۆ ببێتە دەوڵەت و بانگەشەی سەربەخۆیی خۆی بکات .

چاودێرە سیاسییە بیانییەکان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات، بەرپرسەگەورەکانی دنیا، بەتایبەتی هی وڵاتە زلهێزەکان، ئەوانەی بڕیار لەدەستیاندایە لەسەر داهاتووی ناوچەکە، کە ئەم دیمەنە شێواوەی کوردو سەرکردایەتییەکەی دەبینن، دەستبەجێ وێنەیەکی پێچەوانە لە مێشکیاندا دروست دەبێت و خەمساردی خۆیان پیشاندەدەن و بۆیان زەحمەت دەبێت پشت بەو وێنەیە ببەستن و بڕیاری ستراتیژی لەسەربدەن ، هەڵبەتە زۆر گرنگە بۆ ئەوان بزانن کورد تا کوێ بەپەرۆشوسوتاوە بۆ کێشەکەی خۆی، بۆمەسەلە چارەنووسسازە پیرۆزەکانو کەی دەست لەڕاکردن و تەپوتۆزکردن لەپشتی ڕووداوەکانەوە هەڵدەگرێ! و چاوەڕوانی ئەوەدەبێت چییان پێبوترێ جێبەجێیبکەن نەک چییان بوێ کە بۆیان جێبەجێبکرێ !!

بێگومان شانبەشانی فاکتەرە ناوخۆییەکان، کۆمەڵێ فاکتەری عێراقی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەن کە کەکۆسپ و هەڕەشەی گەورەن لەبەردەم کێشە ڕەواکەی ئێمەدا و لە هەموو جارێکدا لەگەڵ هەر بۆپێشەوەچوونێکدا سەبارەت بە دەستکەوتە نەتەوەییەکانمان لێمان ڕاستدەبنەوە و تێمانەوەدەئاڵێن و زەمینەی دەستوەردانە کاروبارەکان خۆشدەکەن و لە سنووریکدا ڕاماندەگرن، کوردیش لەبەرئەوەی پەرتوبڵاو و داگیرکراو بووە و هێزێکی سیاسی و ئابووری و سەربازی گەورە نەبووە تا حسابی بۆبکەن، لەبەرئەوە زلهێزەکان بەئارەزووی خۆیان چی لەقازانج و بەرژەوەندییان بووە وەهایان لەگەڵدا کردووە .

**عارف کەریم- ستۆکهۆڵم**

kadir_arif@hotmail.com

# براکوژی رویدانەکا ترسناکەو ل سەر پشتێن گەلێن پاشڤەرۆدا دۆم دکە

ئەوگەلێن دبن ستەما دکتاتۆرو داگیرکەراندە ژیاین و لسەر دەستێن وان هۆڤان هاتینە پەروەردەکرن، ژبۆی هەردەم بهێلن دتاریکیێ دە و دویربن ژشارستانی وپێشکەفتنێ،ژوان گەلان بهتر گەلێ مەیێ کوردو فلەستین تائیرۆ نەگەهاینە مافێ خوە یێ چارە نوس ،تەنهاباشووری کوردستانێ ئیرۆ رزگارەو ئەوژی دناف سیپەلێن پیلانێن هەریمی وجینانیدادژی! ئەڤ هەردوو گەلە پشکا مەستر ژئێش و ئازارێن ستەمکاریا داگیرکەران بۆ پالدانا براکوژی و ناکۆکی یێ بەرکەفتن،ئەڤەژی قەیرانەکا سیاسی و رەشەنبیری وچڤاکی و ئابۆریە ژئالیێ داگیرکەرو ستەمکاران ڤە، بەرانبەر گەلێن بندەست،ئە فجا مەبڤێت و نەڤێت ئەم کوردو فلەستینی دناف وان پێل و سیپەلاندە دە رباسبوینە،هەتا دوهی هەردوو هێزێن مەیێن سەرەکی دکوردستانێ دە ئەو ئیرادەو با وەری بیەکترنەبون کو یەکتر قەبیلبکەن،تاکو گەهایە وێ رادێ کورسی و سامانێ کوردستانێ لسەرسیستەمی فیفتی فیفتی سالا ١٩٩٢ دناڤبەرا یەکتردا دابەش کرین٠ ئەوسیستەمێ هەلوەشای و رۆخێنەر بو ئەگەرێ هلکرنا ئاگرێ براکوژیێ و تالانکرن و بهتر ناکۆکی ئێخستە دناف مالا کوردە،ئەڤەبو ئەگەرێ پا رچەکرنا خاکا کوردستانا پارچەکری،پشتی وان کارەساتێن دلتەزین شنویڤە تێگەهشتن کو ئەڤە نەچەرخێ حوکمرانیا یەک پارتێ یەوتەنها دێ خوەژناڤبەن ، ئەگەر نە ململانێ و بەرفرە هیا حزبی بێ، دیموکراسی نابێ و ئەو سیستە مە دێ بەرەو دیکتا یۆ رێ ڤەچێ،بەلێ دیسان تائیرۆ ئەم دوا رێ گومان و ترسێ دە دژین،ئەوژی ژبەرکو یەکبونەکا موکوم و بباوەری و یەک قەبیلکرنا هەردوو ئیدارا بتا یبەتی دارایی و پێشمەرگە، نەبوینە یەک ؟! ئەو ڤایرۆسا کو ژ گەلێ مەگرنی،ئیرۆ گەها گەلێ فلەستینێ و ئەز باوەرم بهتری خەلکێ مەو جیهانێ ئەو رویدانێن دلتەزین دیتن دنافبەرا تەڤگەرا (فتح) و حەماسێ دا،بەلێ جهێ داخێە کو ئیشا رەتێ پێبدەم وبێژم چای چیەکێ سەرۆکێ فلەستینێ مەحمود عەباس کە کوردێ باشورێ بچویک بو خەلکێ عەفرین،لەشکەرێ حەماسێ ژبارە گایێ سەرۆکاتیێ ئینانەدەرو بد یلی دەستگێرکرن و گرێدان و بساخی ژسەربانێ قەسرا سەرۆکاتیا فلەستین هاڤێتن و کوشتن ! ئەڤە ژغەینی کۆچکرنا ١٥٠هەزار کەسێن فلەو بسەدان هەزار ئاوارا بەرەو مسرێ ڤەچوین،دناف وان رویدانان دەبدە هان کوشتیێن فلەستینی ژتابقێ ١٨ هاڤێتن و دۆرێن عەشیرەتان گرتن و یێ ڤیێاین ئینانە دە رو کوشتن دگەل پێنج ژنان! ئەرێ گەلۆ کەنگی ئیسرائیلیان جارە کێ ئەڤ کارێ هۆڤانە دژی فلەستینیان کرە؟بەلێ د یسان رێکخراوا (فتح) ئیرۆ رازینابە خوە بۆ حەماسێ بکەپرەک،یافەرە بێژم ئیرۆ تا زە فلەستین وەکو کوردستانێ و دوهی لێهات،کەبەرەو دووئید اران ڤەدچە ! ئەزباوەرم کاچاواهەردوهێزێن مەیێن سەرەکی دژی یەکترپەنا بۆ دوژمنێن خوەیێن هەرێمی برن دژی یەکتر،ئیرۆفەتح هەمان سیاسەت دژی حەماسێ دیبکارئینت وپەنا یێ دێ بۆلەشکەرێ ئیسرائیلی بەت وهێریشێ بتەسەرغەزەو حەماسێ ژنافبەت!؟ بەلێ پرسا مە ئەڤە کوبێژین ئەرێ حەماس ئەو شیان هەیە ئەوێ دە ڤەرا لبن کۆنترۆلا خویاجییۆپۆلەتیکی بپاریزت یاکو دبێژن غەزە؟ هەلبەت نەشێن،چونکە حەماسێ باوەری بسیستەمێ علمانی نینەو تەڤگەرە کا ئیسلامی یەو راگەهاند نا دەولەتا ئیسلامی بۆوان ئارمانجە، تەڤا یا دە ولەتێن زلهێزێن دیموکراتی خواز لجیهانێ باوەری پێ نینەو دان بئەرێنیاوێ دەولەتێ نادەن ،هەروە ها دەڤەرا غەزا دکەڤێ نافبەرا ئیسرائیلێ و مسرێ، داهاتوان ژئاڤو کەهرەباو هەمی کەلوپەلێن دن، ئەگەر نەبرێکا ڤان هەردوو دەولەتانبێ مسرو ئیسرائیل، گەلێ فلەستینی ژیان نابێ لوێ دە ڤەرێ، چونکە ئیرۆ تازە غەزە بو وان بو سجنەکا مەزن ، ئەگەرهات و حەما سێ وەکو جاران سارۆخێن قەسام بەردانە ئیسرائیلێ،ئەوژی دێ سنۆرا لسەروان گرن،دڤی واری دەیان دڤێت ئاگر بەستێ دگەل ئیسرائیلێ بکەن و خوە بۆ هەمی مەرجێن وان بچەمینن،یان بشەرعیەتا رێکخراوا (فتح) رازیبن، یان پەیوە ند یان دگەل مسرێدا گرێدەن ،هەروەها مسر وان پەیوەندیان دگەل حەماسێ گرێنادەت کو ببت ڤایرۆسەک و فشارێ بێخت سەر مسرێ ، چونکە مسر حەماسێ بلە قەکا ئیخوان مسلمینا لقەلەم ددەت،بەلێ دهەمان کاتدە رێکخراوا (فتح) بەری هەرگۆتنەکی تەڤگەرەکا علمانیە و شە فافەو تێگوهۆرین و قەبیلکرن و سەرسنورێ ئوردنێ یەو ئیحترافەکا ملی پێهاتیەکرن، کو نوێنەکێ شەرعی یێ فلەستینیانە،ئەفجا حەماسا کو دوهی هاتیە سەرشانۆیا سیاسی و خەباتێ ،بوێ سەرکەتنێ مەغرۆر بوو ئێکسەر خوەها ڤێتە تۆرا پیلانێن یاریەکا ئەمریکاو ئەیرانێ! ئەفجا کابلا حزبللاوئەیران وان رزگا ربکەن ژوێ تەلهی کوئیرۆ کەتینێ،یان ئاریکاریێ بۆ رە وانەکەن؟ئەڤ تاکتیکانەدکارێ سیاسی دەگرێد ای بەرژەوەندێن هەڤپشکن،ئەگەرنە یێ بهێز دێ یێ لاوا ز داعویرت هەروەکو سەفینەیەک بکەڤێ دەریا و بێ رێناس وبەرامبەرسیپەلان،ئەڤە ئەگەرێ براکوژیێ یە دەما کەسێن پسپۆرو ژێهاتی و خودان سەربۆر دگەل وێ تەڤگەرێ دەنەبن،هەلبەت پالدەرێن براکوژیێ دناف گەلێن بندەست دە زۆرن ، ئەگەرێ بنەرەتی پاشکە فتن و هەژاریا وان گەلانە،چ هەژاریا زانستەکێ سیاسی و چ رەوشەنبیری وئابۆری،ئەفجا دێ کەڤن بن بارێ شەرێ ئاید یۆلۆجی یێ ئیسلامی و علمانی و هەردولا دوژمنەکێ سەرە کی هەیەو یەک دۆزا نەتەوی و یەک ئارمانج لپێشە،بەلێ ئەوبەرژەوەندە تەڤلی وی ئاید یۆ لۆجی دبەو دکەڤەدوارێ بەرژەوەندا تەسکا حزبایەتیدە،دڤی واریدا ئەو دژایەتیە دکەڤە دبوارێ پراکتیکی دە و ئاگرێ براکوژیێ گەش دکە و دوژمن دسەرواندە زالد بەو دگەهیژە مەرامێن خوەیێن گەنی وچارەکادن وان تەپەسەردکە،راستە رەوشەنبیری دوژمنێ کوژە کێ کەڤنەپەرێسی و براکوژیەو دیسان دەرمانێ ناکۆکی و چارەسەریا بارودۆخو ئالۆزیایە،ئەفجا دەستهەلات گەرەکە گەلێ خوە چەکداری ئاید یۆلۆجیا روشەنبیری وهەستێ نەتەوی بکە.

**فەهمی سلێڤانی**